چوارچێوەی هەماهەنگی تایبەتمەندییەکانی سەرۆك وەزیرانی داهاتوی عێراق دیاری دەکات

چوارچێوەی هەماهەنگی شیعەکان رایدەگەیەنێت ئەو کەسەی کە بێ پێستی سەرۆك وەزیران کاندیدی دەکەن پێویستە کارامە و دەستپاك بێت و توانای ئیدارەدانی دەوڵەت و روبەڕوبونەوەی ئاڵەنگارییەکانی قۆناغی داهاتوی هەبێت. چوارچێوەی هەماهەنگی پێشوازیش لە پێکهێنانی "ئەنجومەنی سیاسیی نیشتمانی" دەکات لەلایەن حزب و لایەنە سونییەکانەوە.

ناوەندی راگەیاندنی چوارچێوەی هەماهەنگی شیعەکان لە راگەیەندراوەکدا کەدەستی موتێع کوتووە وتی، ئێوارەی ئەمێ دوشەممە، سەرکردەکانی چوارچێوە لە نوسینگەی هادی عامری، ئەمینداری گشتی رێکخراوی بەدر کۆبونەتەوەو تاوتوێی دوایین پێشهاتەکانی پەیوەست بە ئیستحقاقاتە دەستوری و سیاسییەکانی قۆناغی داهاتویان کردوە.

بەپێی راگەیەندراوەکە، لە کۆبونەوەکەدا گفتوگۆ لەسەر پێوەر و تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی پێستی سەرۆك وەزیران و شێوازی دیاریکردنی لەنێو چوارچێوەی هەماهەنگی کراوە کە بەجۆرێك بێت پشت بەڵێ پێوەرە نیشتمانییە رونەکان ببەسترێت و رەچاوی کارامەیی

و دەستپاکی و توانای ئیدارەدانی دەوڵەت و روبەڕووبونەوەی ئاڵەنگارییەکانی قۆناغی داهاتو بە ئەو کەسە بکرێت کە پێستەکە وەردەگرێت.

لە کۆبونەوەکەدا، بەپێی راگەیەندراوەکە، ئەو دو لیژنەیەی لەلایەن چوارچێوەی هەماهەنگییەوە پێکهێنراون لەبارەی پێکهێنانی حکومەت، راپرتی خێیان خستەتەڕو و بەشدارانی کۆبونەوەکە هاوڵابون لەسەر بەردەوامیی کاری لیژنەکان و تەواوکردنی ئەرکەکانیان لە هەڵسەنگاندنی کاندیدەکان و گفتوگۆ لەسەر ئیستحقاقاتە نیشتمانییەکان.

لەبەشێکی دیکەی راگەیەندراوەکەدا هاتوە، چوارچێوەی هەماهەنگی پیرۆزبایی پێکهێنانی "ئەنجومەنی سیاسی نیشتمانی" لەلایەن لایەنە سونەکانەوە کردوەو راشیگەیاندوە، ئەم هەنگاوە نیشانەیەکی ئەرێنییە بەرەو بەهێزکردنی کاری سیاسی رێکخراو و یەکخستنی روانگە نیشتمانییەکان.

هەروەها چوارچێوەی هەماهەنگی جەختی کردەتە لەسەر پابەندبون بە ئیتسقاقاتە دەستوریەکان و وادە دیاریکراوەکان بە پێکهێنانی حکومەتی داهاتو.